Komala Party- Iranian Kurdistan
Secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

## راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە دەربارەی
## دەست بەسەر کردنی دەیان کەس لە بۆکان

بەپێی ئەو هەواڵانەی بە دەستمان گەیشتووە، لەهەفتەی رابردوودا، دەزگا سەرکوتگەرەکانی رژیم بە بیانووی مانگرتنی خەڵک لە چەند شارێکی کوردستان و داخستنی دوکان و بازار لەو شارە بە بۆنەی ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور عەبدوالرەحمانی قاسملو، دەیان کەس لە شاری بۆکان دەستگیر یان دەست بەسەر کراون و کەوتونەتە ژێر گوشاری بێ بەزەییانەی هێزە ئەمنییەتییەکان.

کۆمەڵە ئەو دەسگیریانە بە توندی مەحکوم دەکاتء خوازیاری ئازادی هەرچی زووتری ئەوانە. بێگومان شەپۆلی سەرکوت و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و لە هەموو ئێران ریسوایی هەرچی زۆرتری رژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی جیهانیدا بەدواوە دەبێت و پێویستە گوشارێکی نێونەتەوەیی هەمەلایەنەتر بەدژی شەپۆلی ئیعدام و دەستگیری سەرەرۆیانە بخرێتەسەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
28ی پووشپەڕی 87
18ی ژوئییەی 2008

**Web:** www.komala.org

**E-mail:** skretaryat@komala.org